# سڵاو لەو پێشمەرگەیەی كە ویستی لەمڕۆژەدا خۆی بكوژێ.. !! كەریم مودەریس

مێژوو ئەو پیاوەتییەی كردووە جوامێریی ئەو پێشمەرگە دلێرە لەبیر نەكات و تۆماری بكات كە گەورەترین قوربانیدانی لە پێناو خۆشەویستیی وڵاتەكەیدا داوە. خوا خێری ئەو كەسەش بنووسێ كە بەبێ ئیرەیی و حەسادەتەوە ئەو قارەمانیتییەی گێڕاوەتەوە، هەرچەندە ئێمە مەجبوور نین پەندێك وەربگرین و واز لە سووككردنی یەكتر بێنین و بەدوای سەنگینكردنی خۆماندا بگەڕێین. مخابنە هەندێ جار لە بێ سەوادی خۆمان و كەڵك وەرنەگرتن لە ئەزموونی ژیان هەست دەكەی وەك ئەو گێلە پیاوەمان لێهاتووە كە لە دواوە داریان تێ دەبڕیی كەچیی دەیپرسیی: ئەرێ ئەوە چ تەقە تەقە.. ؟!
دەڵێن (59) ساڵ لەمەوبەر واتە ئەو كاتەی پێشەوا قازیی محەمەد و هەڤاڵانی خەریكی هەڵدانی ئاڵای كوردستان بوون لەسەر ئەو باڵەخانەیەی كە ئێستەش وێنەكەی هەر ماوە كە پێشەوا و پێشمەرگەكان لە چواردەوریدا كۆ بوونەتەوە، گوێبیستی خشپە خشپێك و مرخیش مرخێشێك دەبن تا دەگاتە ئەوەی دەبێتە دەنگە دەنگ و گردبوونەوەی ئامادەبووان لەو شوێنە دا. كاتێك ئامادەبووان هەست بە ڕووداوێكی نائاسایی دەكەن لەهەمان ئەو كاتەی كە خەریكە ئاڵاكە بەرز دەكرێتەوە پێشەوا لە مەسەلەكە دەپرسێ ئەوانیش پێی دەڵێن قوربان ئەوە پێشمەرگەیەكە دەیەوێ خۆی لە قاتی دووەمەوە هەڵداتە خوارەوەو خۆی بكوژێ. قازییش بەو قسەیە سەرسام دەبێ و داوای ئەو پێشمەرگەیە دەكات. هەركە دەیهێننە بەردەمی پێشەوا و لێی دەپرسێ ئاخۆ بۆچی لەمڕۆژەدا دەیەوێ خۆی بكوژێ، ئەو پێی دەڵێ قوربان ئەوەندە بە حەسرەتی بینینی هەڵدانی ئاڵای كوردستان بووم خەریكە ئێستە ئەوە بڕوا نەكەم كە بەچاو دەیبینم. هەروەها پێی دەڵێ دەمەوێ خۆم بكوژم نەبادا ڕۆژێك بێت خوانەخواستە هاتنە خوارەوە ئاڵای كوردستان بە هەمان ئەو چاوانە ببینم.. !!!
ئەم لەخۆبوردەییەی ئەو پێشمەرگەیە هەر ئامادەبووانی سەرسام نەكردووە بەڵكو ئەو مێژووەشی سەرسام كردووە كە جوامێری ئەوها لە كورد هەڵكەوتووە و ئێمەیان بەمڕۆژە گەیاند كە بەر لە هەمووشتێك هەرچی بەهای جوان هەیە ناشرینمان كرد. ئەوەی پێی بگوترێ خۆشەویستی نیشتمان و نیشتمان پەروەریی و دادپەروەریی و لە خۆبوردەیی هەموومان لەبار برد. ئەوەی حەسانەوە مانای بێ نەمانهێشتووە. دوو دڵیی و دڵەڕاوكێی و ڕاكردن بەدوای سەرابی پێگەیشتن و خۆ دەوڵەمەندكردن و پۆست وەرگرتن كردمان بە پیشە و پیاوەتیی و ئازایەتیی بەرادەیەك ئەوەی خۆی لە كێژەنی خۆ پێگەیاندنی ناشەرعیی بەدوور بگرێ بە فەقیر یاخود فەقیرۆكە، گێل یاخود گێلۆكە، كەر یاخود كەرۆكە و مەڕ یاخود مەڕۆكەی تێدەگەن... هەندێ جاریش بە مەڕی خوا و پەپوولۆكەی حەزرەتی سلێمان و گۆلكی عوزێر پێغەمەبەرو ماكەری خۆشناوانت تێدەگەن!!
ئازا لەمڕۆژگارەدا ئەوەیە بۆ ئەم ورگە ماڵوێرانە هەزاران ڕێگە بدۆزێتەوە بۆئەوەی تێرتێری بكات بەرادەیەك بەدەست مەراقی پەیداكردنەوە بوونەتە ئافەی كوللە هەر بە قرتاند ڕادەگەن بەبێ ئەوەی فریای خواردنی بكەوون. بەدەست ئەم ورگەوە وامانلیهاتووە خەریكە ژن دزی لە پیاوەكەی دەكات بەر لەوەی پیاوەكە هەر لە دەرەوە دزی خۆی لە خێزانەكەی بكات. دزیی هێندە بووەتە پێوەریی پیاوەتیی تەنانەت ئەوەی بە حەلاڵیش دەستدەكەوێ ئەگەر بۆنێكی دزیی لێ نەیە تامی لێ ناكەین و بە قورگماندا ناچێتە خوارەوە ئازاترین (دز) یش ئەوەیە كە بە ئاشكرا ماڵی حكوومەت یاخود ماڵی خەڵك لرف دەكات.. !!

بەڵام لە هەموو ئەوانە ئازاتر ئەوەیە كە بە هەر ناوێك بێت لە ژێر هەر دروشمێك بێت ئافرەت دەستەمۆ دەكات. ئەو پیاوانەی پتر لە ئافرەتێك دەناسن و باشتر (مامەڵە) یان لەگەڵدا دەكەن و زۆرتر بۆیان هەڵدەرێژن و باشتر رێگەی چوونە پێشیان بۆ دەكەنەوە ئەوان پتر چاكەیان بەسەر خەڵكەوە هەیە. ئەوان پتر حورمەتیان هەیە، ئەوان پتر كاریان بۆ مەیسەر دەبێ بە رادەیەك ئەمڕۆ بەكارهێنانی ئافرەت باشترین وەرەقەیە كە باشترین ئیمزای بۆ گەورەترین سوود پێ وەربگیرێ.. !!
بۆ ئەوەی لە باسەكەمان دوور نەكەوینەوە با بپرسین ئاخۆ ئەگەر چەند كاربەدەستێكی نوسخەی ئەو پێشمەرگەیەمان هەبووایە كە ویستی خۆی لە پێناو خۆشەویستیی ئاڵای وڵاتەكەی بكوژێ ئێستا كار دەگەیشتە ئەوەی هاوڵاتی رێگە بۆ حكوومەت دابنێ كە چیی بكات و چیی نەكات. هاوڵاتی بە حكوومەت بڵێ تكایە پیاوی دڵسۆز و خاوێنوباوێن بۆ وەزارەتەكان بدۆنەوە نەبادا چاوێكمان كە هەر لە خۆیەوە تانەی لەسەرە، ئەوەكەی دیكەشمان ئەوان بە نەزانینی خۆیان كوێری كەن.. !!